# کۆمەڵکوژیی کورد
# لە دەرەوەی یاسا لە ڕۆژهەڵات

عەلی سەوجەیی

ئەو بەسەرهاتانە خاپوورکردنی دێ و شارۆچکە تا تیرباران و لەسێدارەدانی بەکۆمەڵی خەڵکی نیشتەجێی ئەو بەشە لە وڵاتی کوردان دەگرێتەوە. لەنێو ئەو ڕووداوانەدا کۆمەڵکوژیی دانیشتووانی گوندەکانی قارنێ و قەڵاتان یەکێک لەو ڕووداوانەن کە پێشێلکاریی مافی مرۆڤ بە دەستی کۆماری ئیسلامی زۆر زەق دەکاتەوە. هەرچەندە چەند کۆڕ و کۆمەڵ و ڕێکخراوی چەپی ئەوکات پاش ڕووداوەکە ڕاپۆرتیان لەسەر ئامادە کرد و تەنانەت ئەو ڕووداوانەیان شی کردەوە.

## پێشەکی

مێژووی کورد، لە هەر چوارپارچەدا و لە زێدی باو و باپیرانی، مێژوویەکی خوێناوییە و پڕە لە ڕووداوی تراژیک و خەمبار. ئەو مێژوویە پێمان دەڵێ کە ڕووداوە تراژیکەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردەواری ئەوەندە زۆر و پەیتاپەیتا بوون کە ئەو کۆمەڵە پێش ئەوەی دەرەتانی ساڕێژی برینی کارەساتێکی بۆ بڕەخسێ، وا کارەساتێکی نوێی بەسەردا سەپاوەتەوە. لەنێو ڕووداوەکان و کارەساتە خوێناوییەکانی ناو مێژووی کورد، بەسەرهاتی ڕۆژهەڵات لە سەردەمی ئێستادا بە گشتی و لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا بەتایبەتی سرنجڕاکێش و زەقن. ئەو بەسەرهاتانە خاپوورکردنی دێ و شارۆچکە تا تیرباران و لەسێدارەدانی بەکۆمەڵی خەڵکی نیشتەجێی ئەو بەشە لە وڵاتی کوردان دەگرێتەوە. لەنێو ئەو ڕووداوانەدا کۆمەڵکوژیی دانیشتووانی گوندەکانی قارنێ و قەڵاتان یەکێک لەو ڕووداوانەن کە پێشێلکاریی مافی مرۆڤ بە دەستی کۆماری ئیسلامی زۆر زەق دەکاتەوە. هەرچەندە چەند کۆڕ و کۆمەڵ و ڕێکخراوی چەپی ئەوکات پاش ڕووداوەکە ڕاپۆرتیان لەسەر ئامادە کرد و تەنانەت ئەو ڕووداوانەیان شی کردەوە، بەڵام نە کۆماری ئیسلامی، نە ڕێکخراوە نێونەتەوەیی‌یەکان هەرگیز ڕووداوەکانیان شی نەکردەوە و مافی ئەو کەسانەی لەو ڕووداوە دڵتەزێنانەدا تا ئێستا پێشێل کراوە و لەوبارەوە تاوانبارێک پەلکێشی دادگا نەکراوە و یا خود لێپێچینەوەی لەگەڵ نەکراوە. دیارە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵات تەنیا خۆی لە جنایەت و کۆمەڵکوژی لە قارنێ و قەڵاتاندا نابینێتەوە، بەڵکوو تیرباران و لەسێدارەدانی ڕۆڵەکانی کورد دەستەدەستە و بەکۆمەڵ لە تەواوی شارەکانی ڕۆژهەڵات بوون

بە دیاردە و ڕەسم و ڕسوماتی کۆماری ئیسلامی بۆ چاوترسێن کردنی خەڵک و بۆ تۆڵەی ئەو پاسدار و بەسیجییانەی کە لە ڕۆژهەڵات و بە دەستی پێشمەرگەی حیزبەکان دەکوژران. بۆ وێنە لە شاری مەهاباد، چەند جار تێکهەڵچوونی قورس و خوێناوی لەنێو شار و لە دەرەوەی شار ڕوویان داوە و لەو تێکهەڵچوونانەدا منداڵی مەلا بەناوبانگەکانی شیعە کوژراون. هەر دوابەدوای ئەو تێکهەڵچوونانە، خەڵکی زیندانیکراوی ئەو شارە بەکۆمەڵ و دەستەدەستە تیرەباران کران. یانی وا وێدەچێ کە ئەو تیرەباران و لەسێدارەدرانانە بە تۆڵەی کوژرانی ئەو کەسانە بووبێ کە لە تێکهەڵچوونەکاندا کوژراون.

سرنجڕاکێشی و زەقبوونی ئەو تیرەباران و لەسێدارەدرانانە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی ئەو کەسانەی لە "دادگای شۆڕشی ئیسلامی"دا دادگایی دەکرد و ئەو دادگایەش بڕیاری سێدارە و تیرەبارانی دەردەکرد. ئەو دادگایانە بە هیچ پێوەرێکی ئەو سەدەیە دادگایەکی دادپەروەرانە نەبوون و بڕیارەکانیان زۆر جێگای تانە و ڕەخنەیە. هۆکارەکانیشی ئەوەن:


ئەو دادگایانە یاسایەکی پەسەندکراویان نەبووە. خومەینی لە ڕۆژی ٥ی ڕەشەممەی ١٣٥٧ دا بەبێ ئاماژە بە هیچ یاسایەک و تەنیا بە فەرمانێک "دادگای شۆڕشی ئیسلامی" دامەزراند. لە جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٨دا پڕۆژەیاسای "دادگاکانی شۆڕش" لە لایەن "شورای شۆڕش" پەسەند کرا. ئەو پڕۆژەیاسا و بڕیارانە، پەسەندی خومەینییان لەسەر بوو. بەپێی گێڕانەوەی کاربەدەستانی ئەوسا، بەشێک لە کاربەدەستان هەوڵیان دا خاڵەکانی ئەو بڕیارە لەژێر کاریگەریی خومەینی و مەلاکاندا نەبێ، بەڵام لە ئاکامدا بەپێچەوانەی مەرسوماتی وەزارەتی دادگوستەریی ئێران لەو کاتدا، ئەو پڕۆژەبڕیارانە دەرچوون. ئەوە بەو مانایەیە کە تەواوی بڕیارەکانی دادگای شۆڕشی ئیسلامی تا جۆزەردانی ١٣٥٨، نایاسایی بوونە و ئەو کەسانەی بڕیاریان داوە ناکرێ وەک دادوەر پێناسە بکرێن. ئەوەی کە

ئایا "شورای شۆڕش" بۆی هەیە بەبێ ئیزنی پارلمان یاسایەک پەسەند بکات و ئەرک بۆ بەشی دادی وڵاتێک دابڕێژێ، ئەوەش خۆی جێگەی مشتومڕ و تانەیە. تا ئێستا، نووسەری ئەو دێڕانە نەیتوانیوە نموونەیەک بێنێتەوە کە لەودا شورایەک لە دەرەوەی پارلمان کۆمەڵە یاسایەکی دەرکردبێ و خستبێتییە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەوە باوە کە "شورای شۆڕش" پاش سەرکەوتنی شۆڕش بریار دەرکات، بەڵام لە مێژوودا هیچ "شورای شۆڕشێک" تا ئێستا یاسای دادوەری دەرنەکردووە، بەڵکوو ئاماژەی بە کۆمەڵە یاسای پێشوو یان کۆنتری ئەو وڵاتە کردووە.

لە دادگاکانی شۆڕشی ئیسلامیدا، بەتایبەت لە دەیەی ٦٠ی هەتاویدا، سەرۆکی دادگا خۆی رۆڵی دیکەی گێراوە. ئەوانەی لە ئەوکاتدا چ لە رۆژهەڵات و چ لە بەشەکانی تری جوگرافیای ئێراندا، شاهیدیبیان داوە کە زۆر جاران سەرۆکی دادگا بازجوویی زیندانی بووە. یان خود ئەوەی کە سەرۆکی دادگا ئەندامی سپای پاسداران بووە و بەپێی فەرمانی سپای پاسداران دادگای بەڕێوە بردووە. ئەوە بەو مانایەیە کە دادگا وەک مێکانیزمی دادپەروەری لە مێکانیزمی ئیجرایی جیا نەبووە. هەربۆیەش بڕیارەکانی ئەو دادگایانە نایاسایی و دوور لە مێکانیزمی دادپەروەرانە بووە.


هەروەک لە سەرەوە باس کرا، بنەمای ئەو دادگایانە، تەنانەت پاش دەرچوونی بڕیاری شورای شۆڕش بۆ دامەزراندنی دادگاکانی شۆڕشی ئیسلامی، بیر و باوەڕی دینی شیعە و داسەپاندنی هێژمۆنیی مەزهەبی بەسەر مێکانیزمی دادپەروەریی وڵاتی ئێران بوو. بڕیارەکانی ئەو دادگایانە تا ساڵی ١٣٧٢ کە یاسای پارلمانی بۆ دادگای شۆڕش دەرچووە، لەسەر بنەمای کتێبە دینییەکانی شیعە بوون. دیارە کتێبەکانی دینی، وەک یاسای جەزایی ناچنە سەر وردەکاری و بە پاراگراف کردنی سەزاکان وە یا خود ئەو کردەوانەی دەبێ سزا بدرێن. زیادە لەوەش خوێندنەوەی هەر سەرۆک دادگایەک، مەلایەک، لە کتێبی دینی لەگەڵ ئەوانی تر جیاوازە و بۆیەش بڕیارەکانی ئەو دادگایانە لە جێی جیاواز بۆ "تاوانی" دیکە جیاوازن. بۆ وێنە ئەگەر لە رۆژهەڵات بەیانییە و نووسراوەی سازمانێکی رۆژهەڵاتی سزای سێدارەی دەگەڵ خۆی دەهێنا، هەر ئەو "تاوانە" لە ئیسفەهان سزای زیندانی لێ دەکەوتەوە.

بەپێی ئاماری ساخ کراوە لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا بەلانی کەمەوە ١١٦ کەس بە بڕیاری "دادگاکانی شۆڕشی



**فتوای جیهادی خومەینی لە دژی کورد؛ ئەو رۆژەی کوردستان لە خوێندا تلایەوە**

**پۆلی ئێعدامکراوانی کورد لە ساڵی ١٣٥٨ بەپێی شوێنی لەدایکبوونیان**





ئیسلامی" تیرەباران کراون. بۆ وردەکاریی زیاتر بڕوانە دیاگرامی سەرەوە.
هەروەک لە دیاگرامەکەوە دەردەکەوێ، سەقز بە ٢٢ کەس، سنە و کرماشان بە ١٧ کەس و پاوە بە ١٣ کەس لە سەرووی لیستەکەدان.
هەرچەندە فەرمانی خومەینی دژی کورد لە ڕێکەوتی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ دەرچوو، بەڵام ڕووداوەکان و ئەو ئامارەی سەرەوە دەریدەخەن کە کۆماری ئیسلامی بۆ لەنێوبردنی هێژمۆنیی سیاسی و نیزامیی ئەو ڕێکخراوانە و داسەپاندنی هێژمۆنیی خۆی، پەنای بردووەتە بەر دادگای شۆڕش و تیرەباران و لەسێدارەدانی بەکۆمەڵ. ئەو ڕووداوانە پێش ئەوەی کە وا "فتوای" خومەینی بۆ "جیهاد" دژی کورد دەربچێ. ڕووداوەکانی پێش و پاش دەرچوونی فتوای خومەینی دەریدەخات کە هێرش بۆ سەر ڕۆژهەلات و قەڵاچۆی کورد بەرنامەدارێژراو و سیستماتیک بووە. هەوڵ و تێکۆشانی کوردی ڕۆژهەلات، بەپێی بەڵگە و سەنەدەکان، بۆ چارەسەریی دۆزی کورد نەیتوانی کەشێکی ئارام بێنێتە ئاراوە و، پێش بە تیرەباران و لەسێدارەدانی خەڵک بگرێ.
ئێستا ئەوە بە باشی پشتراست کراوەتەوە کە هەوڵی کوردەکان بۆ چارەسەریی کێشەکان لە ڕێگای دانوستان دەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەت بە گشتی شکستیان پێ هێندرا و سەرکەوتوو نەبوون. دوایین هەل بۆ دۆزینەوەی چارەسەر هەوڵی پێکهێنانی "هیئت نمایندگی خلق کورد" بوو. ئێستا پشتراست کراوەتەوە کە شکستی ئەو وتووێژانە دوو خاڵی سەرەکی بوون:

**١** لەنێو کۆڕی نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیدا، نوێنەرانی بیر و بۆچوونی خومەینی، واتە داسەپاندنی هێژمۆنیی دینی شیعە، تەنیا بە مەبەستی کۆکردنەوەی هێزی زۆرتر و خۆ ئامادەکردن بۆ هێرشێکی بەربلاوتر لە جاران، وتووێژیان دەکرد. لەو نێوەدا، نوێنەرانی دیکەی کۆماری ئیسلامی کە بیر و بۆچوونی جیاوازتریان لە خومەینی هەبوو، دەرەتانی درێژەپێدان بە وتووێژیان نەبوو.


**٢** لەنێو کۆڕی نوێنەرایەتیی کورددا، ئەندامان وەک نوێنەری ڕێکخراوی سیاسیی جۆراوجۆر دەرکەوتن. هەوڵ و تێکۆشانی کەسانی بێلایەن، کە بوونە هۆی هاتنەئارای وتووێژەکان، بۆ گۆڕینی پێکهاتەی کۆڕەکە یان بە شێوەی ناساندنی ئەوان لە کاتی وتووێژدا سەری نەگرت. ئەوە پشتراست کراوەتەوە کە لە شەوی پێش دانیشتن دەگەڵ کۆڕی نوێنەرایەتیی کۆماری ئیسلامیدا، لە دانیشتنی نێوخۆیی کۆڕی نوێنەرایەتیی کورد لە نزیک مەهاباد، تاراْدەیەک مشتومڕ و دمەقاڵە دەکەوێتە

نێوان ئەو کۆڕە و لە ئاکامدا کۆڕی نوێنەرایەتیی کورد لە کاتی دانیشتن دەگەڵ کۆڕی نوێنەرایەتیی کۆماری ئیسلامیدا، خۆیان وەک نوێنەری سازمان و ڕێکخراوە چەکدارەکان دەناسێنن و ئەوە جێگای پەسەندی نوێنەرانی دەوڵەت نەبوو.
لە ئاکامی شکستی وتووێژەکاندا کۆماری ئیسلامی هێرشی خۆی بەربڵاوتر، دڕندانەتر و بەهێزتر لە پێشوو دەست پێدەکات وە ئەوە دەبێتە سەرەتای شەڕێکی خوێناوی و تیرەباران و لەسێدارەدانی بەکۆمەڵی خەڵکی گوند و شارەکانی ڕۆژهەڵات.
بەپێی ئامارە پشتڕاستکراوەکان لە ساڵی ۱۳۵۹دا ۹۳ کەس تیرەباران کراون کە بەشی هەرەزۆریان پاش شکستی وتووێژەکان تیرەباران کراون. ڕێژەی تیرەبارانەکان لە ساڵی ۱۳۶۰دا دەگاتە ۲۰۱ کەس واتە ۱۱۶٪ بەرز بووەتەوە. لە ساڵی ۱۳۶۱دا بەلانی کەمەوە ۱۷۹ کەس تیرەباران کراون و لە ۱۳۶۲دا ئەو ڕێژەیە دەگاتە لوتکە و لەو ساڵەدا ۲۶۸ تیرەباران کراون.





دیارە ئەو ئێعدام و لەنێوبردنە تەنیا شارێک یان تەنیا ڕەگەزێک ناگرێتەوە. ئەو ئێعدامانە ژن و پیاو، گەورە، مێرمندال و منداڵ لەخۆ دەگرێت.
هەروەک ئەو ئامارەی سەرەوە نیشان دەدات، لە کۆی گشتیی ۱۰۹۲ کەس کە ئامارەکەی پشتڕاست کراوەتەوە کە ساڵی ۱۳۵۸ تا ساڵی ۱۳۷۰ ئێعدام کراون، ۱۰۰۸ کەسی نێر و ۸۴ کەسی مێ بوونە. واتە ڕێژەی نێرینە ۹۲،۳٪ و مێینە ۷،۷٪ بووە.
بەداخەوە لە کاتی ئامادەکردنی ئەم نووسراوەیەدا، تەمەنی ئێعدامکراوەکان پشتڕاست نەکراونەتەوە، هەربۆیەش لەسەر پشکی منداڵان بەرانبەر بە کۆی گشتی، نووسەری ئەو دێڕانە ناتوانێ ئامارێک بداتە بەدەستەوە.
ئاماری ئەو ۱۰۹۲ کەسەی لە ساڵی ۱۳۵۷ تا ساڵی ۱۳۷۰ ئێعدام کراون، بە باشی ئەوە

**پۆلی ئێعدامکراوانی ڕۆژهەڵات لە ساڵی ١٣٥٧ەوە تا ١٣٧٠ جیا کراوەتەوە بەپێی ڕەگەز و ساڵ**




پشتڕاســت دەکاتــەوە کە ئــەو ئێعدامانە تەواوی ڕۆژهەڵاتی کوردســتانی گرتەوە و شــارێک نییە کــە لــەو بابەتەوە پارێــزراو بووبێت.




پۆلی ئێعدامکراوانی کورد لە ساڵی ١٣٥٧ەوە تا ١٣٧٠ بەپێی شوێنی لەدایکبوونیان

تێبینــی: ١٠٣ کــەس لــەو ئامــارەدا شــوێنی لەدایکبوونیــان پشتڕاســت نەکراوەتــەوە و ئــەو دەستەیــــە بــە "ڕۆژهـــــەڵاتی" لەقەڵـەم دراون.


هەرچەنــدە ئامارێکــی پوخــت و پشتڕاســتکراوە بــۆ بەراوردکردنــی ڕێــژەی تیرەبــاران لــە ناوچە کوردییــەکان بەرانبــەر بــە ناوچەکانــی تــر لەبەردەســتدا نییە، بــەڵام بەدڵنیاییەوە ئــەو ڕێژەیە لــە تیرەبــاران و لەنێوبردنــی خەڵکــی مەدەنیــی کــورد زۆر زیاتــرە لــە ڕێــژەی تیرەبــاران لــە ناوچەکانــی تــر. ڕادەی ئــەم خوێنڕێژییــە دەگەڕێتــەوە بــۆ چەنــد هــۆکار:

- فتوای جیهادی خومەینی بەرانبەر بە کورد و پاساوی دینی بۆ خوێنڕێژی
- هەوڵی سیستمی نوێ بۆ داسەپاندنی هێژمۆنیی خۆی
- چاوترسێن کردنی خەڵک بۆ کشانەوە لە هێزە سیاسییەکانی کورد


بەهۆی بەربڵاویی سێنتیمێنی دژ بە ڕێژیم و سۆز و دڵخوازی کورد بۆ وەدیهێنانی بەشێک لە مافە پێشێلکراوەکانی، دژایەتیی بەرانبەر بە ڕێژیم بەربڵاو و هەمەگیر بوو، واتە تەواوی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دەگرتەوە. هەربۆیەشە ڕێژیم بەرنامەیەکی تۆکمە و سیستماتیکی بۆ سەرکوتی خەڵک پێویست بوو. شوێنەواری ئەو سیستێماتیک بوونە، زۆر بەجوانی لە ئامارەکانی تیرەباران و لەسێدارەدانی بەکۆمەڵی خەڵکی ڕۆژهەڵاتدا دیارە.
ئاماری تیرەباران و لەسێدارەدان، واتە ئێعدامی زیاتر لە دوو کەس لە لەدایکبووانی شارێک لە یەک ڕۆژدا، نیشان دەدات کە ئەو دیاردەیە لە ساڵی ١٣٥٨ تا ساڵی ١٣٦٧ زۆر بە بەربڵاوی زۆربەی هەرەزۆری شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتووەتەوە.




بەپێی ئاماری باوەڕپێکراو و پشتڕاستکراوە، دیاردەی تیرەباران و لەسێدارەدانی بەکۆمەڵ هەر لە ساڵی ١٣٥٨ەوە دەستی پێکرد و تا ساڵی ١٣٧٠ بەلانی کەمەوە ٦٢٥ کەس لەخۆ دەگرێ کە دەکاتە ٥٧٪ کۆی گشتیی تیرەباران و لەسێدارەدانی خەڵک لەو ماوەیەدا. واتە لە هەر دوو کەس کە بەپێی "دادگای شۆڕش" لە ماوەی ساڵی ١٣٥٨ تا ساڵی ١٣٧٠ تیرەباران کراوە، یەک کەس کۆمەڵکوژ کراوە. لوتکەی ئەو کۆمەڵکوژییە ساڵی ١٣٦٢ بووە کە لەو ساڵەدا ٢٠١ کەس بەکۆمەڵ تیرەباران کراون یان لەسێدارە دراون.
بەپێی ئامار، ڕێژەی ئەو کۆمەڵکوژییە لە مەهاباد زۆر لە شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات لەسەرتر بووە. لە ساڵی ١٣٦٠دا ٤٤ کەس (٤١٪ ئێعدامی بەکۆمەڵی ساڵی ١٣٦٠) و لە ساڵی ١٣٦٢دا ١٢٢ کەس (٦١٪ ئێعدامی بەکۆمەڵی ساڵی ١٣٦٢) بەکۆمەڵ تیرەباران کراون. بڕوانە ئاماری خوارەوە.





ئەوەی جێی سەرنج و ئاماژەیە ئەوەیە کە بەپێی ئاماری باوەڕپێکراو و پشتڕاست کراوە، لە ڕێکەوتی ١٢ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢دا ٨٨ کەسی لەدایکبووی مەهاباد تیرەباران کراون یان لەسێدارە دراون. واتە بەپێچەوانەی ئەوەی کە باسی ٥٩ لاوی لەسێدارەدراوی لەدایکبووی مەهاباد دەکرێ، بەڵام ئاماری پشتڕاستکراوە نیشان دەدات کە لە ڕاستییەکەی ئەو کۆمەڵکوژییە ٨٨ کەس بووە کە ٥٩ کەسیان لە تەورێز، ٢٦ کەسیان لە ورمێ و ٢ کەسیشیان لە مەهاباد بووە. کەسێکیش شوێنی ئێعدامەکەی پشتڕاست نەکراوەتەوە. بڕوانە ئاماری خوارەوە.




ئەو ئامارەی سەرەوە دەریدەخات کە کۆماری ئیسلامیی ئێران کۆمەڵکوژییەکی سیستماتیک و بەرنامەدارێژراوی ڕەچاو کردووە.

لەو ٦٢٥ کەسەی کە لە ساڵی ١٣٥٨ تا ١٣٧٠ کۆمەڵکوژ کراون، ٢٧ کەسیان ژن بوون کە ڕێژەکەی دەکاتە ٥٪ لە کۆی گشتی. بڕوانە ئاماری خوارەوە (ئەو کەسانەی شوێنی لەدایکبوونیان پشتڕاست نەکراوەتەوە، بە لەدایکبووی ڕۆژهەڵات ناوزەد کراون)




## کاریگەریی کارەسات لەسەر کۆمەڵگا

لێکدانەوەی کاریگەریی ئەو کارەساتانە لەسەر کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات یان نەکراوە، یانیش ئەگەر کرابێت، نووسەری ئەم دێڕانە لێی بێ‌خەبەرە. زەخت و زەبر لەسەر کۆمەڵگا تایبەت بە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی ناوین نییە و لە دنیادا کەم نین ئەو نەتەوانەی وڵاتانی دوور و نزیک کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە مێژوودا تووشی کارەسات هاتوون. هۆلۆکاست، ژینۆسایدی هەرمەنییەکان، ڕفاندن، ئەشکەنجەدان و لەنێوبردنی ڕووناکبیران بۆ وێنە لە ئەمریکای لاتین لە دەیەی ٧٠-ی زایینیدا وێنەی بەرچاوی ئەو ڕاستییانەن، هەرچەندە تەنیا وێنە نین. چاوخشاندن بە ئەزموونی ئەو کۆمەڵگایانەی ناویان برا، وەبیرمان دێنێتەوە کە وا کارەساتی تراژیک لەو چەشنەی کە مەبەستی ئەو نووسراوەیەیە، چەند قۆناغ دەبڕێ و هەر قۆناغەش ئاکام و دەرەنجامی خۆی هەیە و لە هەر قۆناغەشدا چەند لایەن ڕۆڵ دەگێڕن.

بە کورتی ئەو قۆناغانە، دەرئەنجامەکانیان و ئەوانەی ڕۆڵی تێدا دەگێڕن، ئەمانەن:

## قۆناغی یەک، قۆناغی مەرگ و ژیان

لەو قۆناغەدا کەسێک کە تووشی گرتن و زیندان و ئەشکەنجەی زۆر دەبێتەوە، لەو قۆناغەدایە کە لەبەر بیروڕای جیاواز، مەزهەبی جیاواز، یان سەر بە ئێتنیکێکی جیاواز، دەکەوێتە بەر پەلامار و بەبێ بەڵگە یان دادگایی‌یەکی یاسایی، پارێزەر و .... هتد سزای بەسەردا دەسەپێندرێ. بەپێی دادگاکانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران ئەوانەی لەسێدارە دران یان تیرەباران کران، هەموویان ”مفصد فی الارض“ و ”محارب با خدا“ و ”خلق خدا“ بوون. بێ‌ئەوەی لەسەر ئەو تاوانانە بەڵگەیەک لە ئارادا بێت یان بەندیکراو و پارێزەرێکی هەبێ کە لەسەر یاسایی‌بوون و ئەو تۆمەتانە لە ڕووی یاسایی‌یەوە پارێزگاری لێ بکات. سیستەمی ئێجرایی بەرپرسی گرتن و بازجوویی، سیستەمی یاسایی بەرپرسی دادگایی و بڕیاردان و جێبەجێکردنی بڕیارن. زۆر بە زەقی دیارە کە لەو قۆناغەدا، زیندانی و حکومەت (سیستەمی ئێجرایی و یاسایی) ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن.

ئەو قۆناغە بە لەسێدارەدان یان تیرەبارانی زیندانی بە دەستی حکومەت تەواو دەبێ.

## قۆناغی دوو، قۆناغی خەم و پەژارە و شۆک

لەو قۆناغەدا بنەماڵەی لەسێدارەدراو لەژێر

بـاری خـەم و پـەژارەدا نوقـم دەبـێ. کۆمەڵگا تووشـی تـرس و وەحشـەت بـووە و حکومەت ئامانجـی خـۆی پێـکاوە. هـەر لـەو قۆناغـەدا ئەرکـی لەقاودانـی کارەسـات دەبـێ وەئەسـتۆ بگـرێ و ڕاپۆرتـی ئـەو کارەسـاتە هەمـوو وردەکارییەکانییـەوە بـە کۆمەڵـگا و بنکەکانی نێونەتەوەیـی ڕابگەیەنـێ. بـە دۆکیۆمێنـت کردنـی ئـەو کارەسـاتە گەرماوگەرمـە لـە کاتێکـدا ڕووی داوە کـە دەتوانـێ بـۆ دوو مەبەسـت لە داهاتوودا کەڵکـی لێ وەربگیرێ، بـۆ نووسـێنەوەی مێـژوو و بـۆ پەلکێـش کردنـی کارگوزارانـی حکومەت بـۆ دادگایەکی دادپەروەرانـە.

## قۆناغـی سـێ، قۆناغـی لێکدانـەوە، لێکۆڵینـەوە

لـەو قۆناغـەدا، بنەماڵەکان بـەدوای ئەم کارەدا دەچـن و لێـی دەکۆڵنـەوە. دەگـەڵ ئەوانـەی لـە زینـدان ئـازاد دەبـن، وتوویـژ دەکـەن. لە چۆنیەتیـی ڕووداو و کارەسـاتەکە دەکۆڵنـەوە. هـەر لـەو قۆناغـەدا بەشـێک لـە زیندانییانـی پێشـوو بـە نووسـینەوەی بیرەوەرییـەکان بـە دژی یـان بـە ئاشـکرا (لـە دەرەوەی وڵات) یارمەتیـدەری زینـدوو ڕاگرتنـی کارەسـاتەکە دەبـن. یەکێـک لـە تایبەتمەندییەکانـی ئـەو قۆناغـە ئەوەیـە کـە کـۆڕ و کۆمەڵـی جیـاواز بـۆ بەرگـری لـە مافـی زیندانییان، پاراسـتنی مافـی مـرۆڤ، پەلکێـش کردنـی تاوانبـاران و لەقاودانـی کارەسـاتەکان سـاز دەبـن. واتە لەو قۆناغـەدا بنەماڵـەکان، زیندانییانـی پێشـوو و کـۆڕ و کۆمەڵـەکان ڕۆڵ دەگێـڕن.

## قۆناغی چوار، قۆناغی دادخوازی


لـەو قۆناغـەدا بـە شـێوەیەک لـە شـێوەکان، تاکێـک، یـان چەنـد کـەس یـان ئـەو سیسـتەمەی کارەسـاتەکەی خوڵقانـدووە، پەلکێـش دەکرێ تا جواب بداتـەوە. دیارە ئەو پەلکێـش کردنـە پەیوەسـتە بـە بارودۆخێکـی جیـاواز و لـە بارودۆخـی جیـاوازدا شـێوە و فۆرمـی جیـاواز بەخۆیـەوە دەگـرێ.
یەکێـک لـەو شـێوازانە، پەلکێـش کردنـی تاوانبـاران بـە تـاک یـان وەک حکومـەت بـۆ دادگاکانـی دەرەوەی وڵاتـە. لـە دوو دەیـەی ڕابـردوودا، چەنـد دادگا لـە ئەورووپا و ئەمریکا وەک ئاسـۆیەک، هەرچەنـد کەمرەنـگ، بەڵام ڕوون لـە بـاری یاسـایی‌یەوە دەکاتـەوە.

## یاساوریسا نێونەتەوەیی‌یەکان

ئـەم بەشـەی نووسـراوەکە هـەوڵ دەدات لەسـەر ئـەو یاسـا و قانوونانەی کـە وا دەکرێ کەڵکیـان لێ وەربگیـرێ، ڕوونکردنـەوە بدات. یەکێـک لـەو چەمکـە یاسـایی‌یانە کـە ماوەیەکە مشـتومڕی لەسەرە و باسی دەکرێ، بنەمـای دەسـەڵاتی دادوەریـی گشـتگیرە. بـە پشتبەسـتن بەو بنەمایە، دەوڵەتان دەسـەڵاتی یاسـاییی خۆیـان بەسـەر هێندێـک تاوانـدا دەسـەپێنن. ئـەو تاوانانـە، تاوانـی گشـتگیری دڕندانـەن و جێگـەی سـەرنج و نیگەرانیـی نێودەوڵەتیـن، بـۆ وێنـە تـاوان و پێشـێلکاریی مافەکانـی مـرۆڤ، تاوان و لەژێرپێنانی یاسـای جەنـگ، تاوانـی ژینۆسـاید. بـە پشتبەسـتن بـە بنەمـای دەسـەڵاتی دادوەریـی گشـتگیر، دەوڵەتێـک دەتوانێ تاوانکاران و پێشـێلکاران، بەبـێ جیاوازیـی ڕەگەزنامە و بەبـێ جیاوازیی شـوێنی تـاوان لە وڵاتی ژێر دەسـەڵاتی خۆی دەسـتگیری بـکات و بیداتـە دەزگای دادی خـۆی بـۆ ئـەوەی لێپرسـینەوەی لـێ بـکات. دیـارە ئـەوە تەنیـا چەمکێکی تیۆریـک نییە و لـە پراکتیکدا بـەکار هێنـدراوە، هەرچەندە لە پراکتیکـدا، تەنگوچەڵەمـە و بەربەسـتی زۆری لەپێشـە. یەکێـک لـەو بەربەسـتانە ئەوەیە کە تاوانبـار دەبـێ لـەو وڵاتـەی کـە دەوڵەتەکەی دەسـەڵاتی زاڵبوونـی هەیـە، دەستبەسـەر بکـری. واتە دەوڵەتێک کە یاسـای دەسـەڵاتی دادوەریـی گشـتگیری لەنێو یاسـای دادوەریی وڵاتەکەیـدا جێگیـر کـراوە، ماف و دەسـەڵاتی ئـەوەی نییـە تاوانبارێـک کـە لـە وڵاتـی تاوانبارەکە خۆی دەسـتگیر بـکات، هەرچەندە دەتوانـێ تاوانبارەکـە داوا بـکات. بـەڵام کام دەوڵـەت هاوڵاتیـی خـۆی ڕادەسـتی وڵاتێکی دیکـە دەکات؟ بەتایبـەت ئەگەر ئـەو تاوانبارە هاوڵاتیـی وڵاتێـک بـێ کـە لـەوێ ڕێژیمێکی

سەرکوتکەر و پێشێلکار لەسەر کار بێ و تاوانەکان لە سیستەمی ئەو ڕژێمەدا ڕوویان دابێ.
بەڵام دیسانیش ئەو یاسایە، بەرەوپێشچوونێکە بۆ بەرگری لە پێشێلکاری و بۆ ئاسۆیەک کە تاوانبار لە ترس و دڵەراوکێی پەلکێش کردن بۆ دادگا و بۆ ئەو وڵاتانەی کە دەسەڵاتی دادوەریی گشتگیر دەسەپێنن، سەفەر نەکا. ڕاستییەکەی دەسەڵاتی دادوەری گشتی، دەتوانێ پێش بەوە بگرێ کە تاوانبارانی وڵاتێک، وڵاتانی تر وەک پەناگا و شوێنی خۆحەشاردان و خۆشاردنەوە بەکار بێنن.
بەشێک لە بیرۆکە و مێژووی دەسەڵاتی دادوەریی گشتگیر دەگەڕێتەوە بۆ دوای شەڕی دووهەمی جیهانی و کۆنوانسیۆنی ژنێڤ. هەرچەندە مێژووی کۆنوانسیۆنی ژنێڤ کۆنترە و دەگەڕێتەوە بۆ شەڕی سۆلفێرینۆی ناپێلئۆن لە ١٨٥٩، بەڵام کۆنوانسیۆنی ژنێڤ وەک پەیماننامەیەکی نێونەتەوەیی لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانییەوە هاتووەتە ئاراوە. ئەو کۆنوانسیۆنە لە ٤ ڕێککەوتننامەی سەرەکی پێک هاتووە کە پاشان بە سێ پرۆتۆکۆلی هەموارکراو (١٩٧٧، ١٩٧٧، ٢٠٠٥) دەستکاری کراون.
بەیاننامەکان ئەوانەن:
- ڕێککەوتننامەی ژمارە یەک کە ساڵی ١٨٦٤ دەرچووە و، یاساوڕێسای چارەسەرکردنی سەربازانی بریندار و نەخۆش و دامەزراوە پزیشکییەکانی کاتی شەڕەکانی لەخۆ دەگرت.
- ڕێککەوتننامەی ژمارە دوو کە ساڵی ١٩٠٦ دەرچووە و چارەسەرکردنی بریندار، نەخۆش و کەشتیی نوقم بووی شەڕ لە دەریادا بە شێوەیەکی هاوشێوەی ڕێککەوتننامەی یەکەم ڕێک دەخات. ئەم ڕێککەوتننامەیە ساڵی ١٩٤٩ دروست کراوە و جێگەی یاساوڕێساکانی پێشووی شەڕی دەریایی گرتەوە کە لە ڕێککەوتننامەی یەکەمی ژنێڤ لە ساڵی ١٩٠٦دا لەگەڵ دەیەمین ڕێککەوتننامەی لاهە لە ساڵی ١٩٠٧ هاتبوون.
- ڕێککەوتننامەی ژمارە سێ کە ساڵی ١٩٢٩ دەرچووە یاساوڕێساکانی دیلی شەڕ لەخۆ دەگرێت.
- ڕێککەوتننامەی ژمارە چوار کە ساڵی ١٩٤٩ دەرچووە و لە ١٥٩ بابەت و ٣ هاوپێچ پێک هاتووە و باسی پاراستنی خەڵکی مەدەنی لە کاتی شەڕدا دەکات.
- پرۆتۆکۆلی هەموارکردنەوەی ژمارە ١ کە ساڵی ١٩٧٧ دەرچووە و پەیوەندی بە پاراستنی قوربانییانی شەڕی چەکداریی نێودەوڵەتییەوە هەیە.
- پرۆتۆکۆلی ژمارە دوو کە ساڵی ١٩٧٧ دەرچووە و پەیوەندی بە پاراستنی قوربانییانی شەڕی چەکداریی ناوخۆی وڵاتێکەوە هەیە.
- پرۆتۆکۆلی هەموارکردنەوەی ژمارە سێ کە ساڵی ٢٠٠٥ دەرچووە و پەیوەندی بە پەسەندکردنی نیشانەیەکی جیاوازەوە هەیە.
بەپێی ڕێککەوتننامە و پرۆتۆکۆلەکانی ئەو کۆنوانسیۆنە، پێشێلکاریی ڕێککەوتننامەکان و پرۆتۆکۆلەکان، تاوانە و سزا دەدرێن. هەرچەندە پێشێلکاریی ڕێککەوتننامە و پرۆتۆکۆلەکان وەک یەک مەزەندە ناکرێن. پێشێلکردنی ڕێککەوتننامەی سێ و چوار کە پەیوەستن بە مامەڵەکردن و پاراستنی دیلی شەڕ و مامەڵەکردن و پاراستنی خەڵک و موڵکی مەدەنی لە کاتی شەڕدا، بە تاوانی قورس و گران ناوزەد کراون و دەبێ پێشی پێ بگیرێ. لە ڕێککەوتننامەی سێ و چواردا کوشتنی بەئامانج و بەئانقەست، مامەڵەی نامرۆڤانە، توندوتیژی و تۆڵەسەندنەوە لە خەڵکی سڤیل، بەکارهێنانی چەکی بیۆلۆژیکی بڤەیە و دەبێ پێشی پێ بگیرێ. هەروەها بەپێی ئەو ڕێککەوتننامەیە، دەرمان و کەرەستەی پزیشکی، هەروەها ئەو شتانەی پێویستن بۆ ئەنجامدانی مەراسیمە ئایینییەکان، دەبێت ئازادییان هەبێت بۆ ئەوەی خەڵکانی سڤیل و مەدەنی بتوانن ژیانی ئاساییی خۆیان تێپەڕ بکەن و خۆراک و پۆشاک و ئاو بۆ منداڵانی خوار پازدە ساڵ و ژنانی دووگیان

دەبێ گەرەنتی بکرێت.
بە پێچەوانەی پرۆتۆکۆلەکانی هەموارکردنەوە، کۆی گشتیی وڵاتانی جیهان هەر چوار ڕێککەوتننامەکەیان واژۆ کردووە، بڕوانە ئەم نەخشەیەی خوارەوە.
- ئەو وڵاتانەی هەر چوار ڕێککەوتننامە و هەر سێ پرۆتۆکۆلەکەیان واژۆ کردووە، بە ڕەنگی کەسک/سەوز دیاری کراون.
- ئەو وڵاتانەی هەر چوار ڕێککەوتننامە و پرۆتۆکۆلی یەک و دوویان واژۆ کردووە، بە ڕەنگی شین دیاری کراون.
- ئەو وڵاتانەی هەر چوار ڕێککەوتننامە و پرۆتۆکۆلی یەک و سێیان واژۆ کردووە، بە ڕەنگی مۆر(بنەوش) دیاری کراون.
- ئەو وڵاتانەی هەر چوار ڕێککەوتننامە و پرۆتۆکۆلی یەک یان واژۆ کردووە، بە ڕەنگی زەرد دیاری کراون.
- ئەو وڵاتانەی هەر چوار ڕێککەوتننامە و پرۆتۆکۆلی سێیان واژۆ کردووە، بە ڕەنگی پرتەقاڵی(نارنجی) دیاری کراون.
- ئەو وڵاتانەی هەر چوار ڕێککەوتننامەکەیان واژۆ کردووە، بەڵام هیچ کام لە سێ پرۆتۆکۆلەکەیان واژۆ نەکردووە، بە ڕەنگی سوور دیاری کراون.



وڵاتانی جیهان کە ژێری کونوانسیۆنی ژێنێڤیان واژۆ کردووە، یاسای تایبەتییان لە پارلەمانی وڵاتەکەیان پەسەند کردووە و بەشێک لە یاسای سزادانی وڵاتەکەیان بۆ پێناسەکردنی ئەو تاوانانە تەرخان کردووە کە لە ڕێککەوتننامەکاندا دیاری کراون. دیارە واژۆکردنی ژێر کۆنوانسیۆنی ژێنێڤ، وڵاتانی دیکەی لە پێشێلکردنی ڕێککەوتننامەکەدا پاشگەز نەکردووەتەوە. هەرچەندە ڕێککەوتننامەکان تاوانەکان بەو شێوەیەی لە سەرەوە بە کورتی باسی لێکرا دیاری دەکات، بەڵام مێکانیزمێکی گونجاو، واتە دادگایەکی نێونەتەوەیی بۆ سزادانی تاوانباران لە ئارادا نەبووە. هەرئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە بەشێک لە وڵاتانی پێشکەوتوو و دیموکراتیک بە هاوکاریی سازمان و ڕێکخراوی لایەنگری مافی مرۆڤ هەوڵ بۆ دانانی ئەو مێکانیزمە پێویستە بدەن، بە شێوەیەک کە پێشێلکاران و تاوانبارانی مافەکانی

مرۆڤ لە خۆحەشاردان و خۆشاردنەوەدا تووشی تەنگوچەڵەمە بن.

هەرچۆنێک بێت، دوای ساڵانێکی زۆر و هەوڵ و تێکۆشانێکی بێوچان، لە ئاکامدا لە مانگی جولای ساڵی ١٩٩٨دا کۆنفرانسێکی نێونەتەوەیی لە ڕۆمی پێتەختی ئیتالیا گیرا و لەو کۆنفرانسەدا بڕیاری دامەزراندنی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی (ئای سی سی) دەرچوو. هەر لەو کۆنفرانسەشدا پەیڕەوی ناوخۆی ئەو دادگایە بە ١٢٠ دەنگی بەڵێ و ٧ دەنگی نەخێر و ٢١ دەنگی بێلایەن پەسەند کرا.

• ڕێژەی ئەو وڵاتانەی میساقی نێودەوڵەتیی ڕۆمیان پەسەند کردووە و لەنێو سیستەمی دادی وڵاتدا جێگیریان کردووە تا ساڵی ٢٠١٩ زیادی کرد و بوو بە ١٢٣ وڵات. ئەو وڵاتانە بە وڵاتانی پەیوەندیدار ناو دەبردرێن و لە نەخشەی خوارەوەدا بە ڕەنگی سەوز دیاری کراون. وەک لە نەخشەکەدا دەردەکەوێ، تەواوی وڵاتانی ئەورووپا، ئەمریکای باشوور، بەشی زۆری وڵاتانی ئەفریقا ئەو میساقەیان واژۆ کردووە و لە سیستمی دادی خۆیاندا جێگیریان کردووە.


• ئەو وڵاتانەی میساقەکەیان واژۆ کردووە، بەڵام لە سیستەمی دادی خۆیاندا جێگیریان نەکردووە، لە نەخشەکەدا بە ڕەنگی زەرد دیاری کراون. وەک لە نەخشەکەدا دیارە، ئێران، میسر و ئەلجەزایر لە ڕێژەی ئەو وڵاتانەدان.

• ئەو وڵاتانەی لە واژۆی خۆیان پاشگەز بوونەتەوە و میساقەکەیان بەجێ هێشتووە، بە ڕەنگی زەردی تاریک (مەیلەوقاوەیی) دیاری کراون. وەک لە نەخشەکەدا دیارە، ئەمریکا یەکێک لەو وڵاتانەیە. جێی ئاماژەیە کە ئەمریکا لە زەمانی سەرۆککۆماریی بیل کلینتندا ئەو میساقەی واژۆ کرد و پاشان لە کاتی سەرۆککۆماریی جۆرج بووشی کوڕدا – سەر بە کۆماریخوازەکان – واژۆی خۆی وەرگرتەوە. هێنری کیسینجێر یەکێک لەوانە بوو کە ئەمریکای بۆ وەرگرتنەوەی واژۆی خۆی هان دا.

• ئەو وڵاتانەی کە لە واژۆی خۆیان پاشگەز بوونەتەوە و، میساقەکەیان بەجێ هێشتووە، بە ڕەنگی مۆر(بنەوش) دیاری کراون.

• ئەو وڵاتانەی میساقەکەیان واژۆ نەکردووە، بە ڕەنگی سوور دیاری کراون. هەروەک لە نەخشەکەدا دەردەکەوێ، وڵاتانی چین، هیندوستان، عەرەبستان و عێراق لە ڕیزی ئەو وڵاتانەدان.

بەپێی پەیڕەوی پەسەندکراو، ئەو دادگایە کە بڕیار درا ناوەندەکەی لە شاری هاگ (هۆڵەند) دابمەزرێ، دادگایەکی نێودەوڵەتیی هەمیشەیی و سەربەخۆیە بۆ لێکۆڵینەوە، لێپێچینەوە و دادگایی کردنی ئەو کەسانەی کە تۆمەتبارن بە ئەنجامدانی تاوانی ژینۆساید، تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، تاوانی



شەڕ و تاوانی دەستدرێژی.
بە پێچەوانەی دادگا تایبەتییەکانی نێودەوڵەتی، بۆ وێنە کەیسی یوگۆسلاوی و ڕواندا، کە لە چوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بۆ دۆخێکی تایبەتی و ئەرکێکی تایبەتی دامەزران، دادگای نێودەوڵەتی بۆ بارودۆخێکی تایبەتی و سنوردار نییە، بەڵکوو ئەو دادگایە هەمیشەیی‌یە و ئەرکەکەی سنووردار بە کەیسێکی تایبەتی نییە. هەروەها ئەو دادگایە بە پێچەوانەی دادگا تایبەتییەکانی لاهە کە ئەرکی چارەسەرکردنی ناکۆکیی نێوان وڵاتانی پێ ئەسپێردراوە، کەیسی ناکۆکیی نێوان وڵاتان ناجووڵێنێ.

هەرچەندە ئەو دادگایە پێشکەوتنێکی بەرچاو و هەنگاوێکی گەورەیە بۆ داسەپاندنی یاسای نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی هەمیشەیی و سەربەخۆ، بەڵام ئەو کەیسانەی لەو دادگایەدا دەجووڵێندرێن، سنووردارن. بۆ وێنە:

• ئەو دادگایە تەنیا لە حاڵەتێکدا دەتوانێت لێکۆڵینەوە لە تاکەکانی گومانلێکراو بکات و لە شوێنی پێویستدا لێپێچینەوە و دادگایی بکات کە دەوڵەتی پەیوەندیدار بە شێوەیەکی ڕاستەقینە نەیکات، نەتوانێت یان ئامادە نەبێت. مەبەست لە دەوڵەتی پەیوەندیدار لێرەدا ئەو دەوڵەتەیە کە تاکی گومانلێکراو ناسنامەی هاوڵاتی لێی هەیە.
• ئەو دادگایە دەتوانێ دەسەڵاتی دادوەریی خۆی بەسەر کەسانێکدا بسەپێنێ کە ناسنامەی هاوڵاتیی وڵاتێکی ئەندامی میساقی ڕۆم بێت یان تاوانەکە لە وڵاتی ئەو دەوڵەتەدا ڕووی دابێ. دیارە ئەو مەرجە ئەو دۆخانە ناگرێتەوە کە لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایش و بەپێی بەشی حەوتی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕەوانەی داواکاری گشتیی ئەو دادگایە دەکرێن.
• پەیڕەوی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە ڕۆژی ١ی جولای ساڵی ٢٠٠٢دا چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەو ڕووداوانەی دوای ئەو بوارە دەتوانێ دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێ. بەپێی خاڵی پێشوو وڵاتی پەیوەندیدار، واتە ئەو وڵاتەی گومانلێکراو ناسنامەی هەیە یان وڵاتێک کە تاوانەکە لەوێدا ڕووی داوە، دەبێ پێش ئەو بوارە بووبێتە ئەندام. بەڵام ئەگەر وڵاتێک پاش ئەو بوارە ببێتە ئەندام، داسەپاندنی یاسای دادگاکە لە ڕۆژی ١ی مانگدا دەست پێ دەکات بەو مەرجەی ٦٠ ڕۆژ لە پێشکەشکردنی داواکە تێپەڕ بووبێت.

ئەو دادگایە کە لە شاری هاگ (هۆلەند) پێشکەوتنێکی بەرچاو و هەنگاوێکی گەورەیە بۆ داسەپاندنی یاسای نێودەوڵەتی و سزادانی تاوانباران و پێشێلکارانی مافەکانی مرۆڤ و لەوانە جینۆساید، تاوانی دژی مرۆڤایەتی، تاوانی پێشێلکاریی یاسای شەڕ و دەستدرێژی. هەروەها دامەزراندنی ئەو دادگایە شوێنی خۆشاردنەوە و خۆحەشاردان لە تاوانباران بە ڕێژەیەکی زۆر کەم دەکاتەوە، کە ئەوە خۆی لەوانەیە ببێتە هۆی کەمبوونەوەی ڕێژەی تاوان. تا ساڵی ٢٠٢٢ ئەو دادگایە سەرقاڵی ٣١ کەیسی تاوان بووە کە لەسەر ٤ کەیس بڕیاری سزای تاوانبار دراوە و، یەکلایی کراوەتەوە. بڕوانە چارتی دۆسیەکان:


لە بەشی داهاتوودا چەند کەیس کە لەودا یاسای گشتگیر سەپێندراوە، دێتە بەرباس و لە ئاکامدا دەگەڕێنەوە سەر کوردانی لەسێدارەدراوی ڕۆژهەڵات و باری یاسایی کەیسەکان.

## کەیسی نموونە لەمەڕ دەسەڵاتی دادوەریی گشتگیر و داسەپاندنی یاسا

لەو بەشەدا دوو کەیسی نموونە کە بەپێی یاسای دادوەریی گشتگیر، خەڵکانێک پەلکێشی دادگا کراون و سزا دراون، باسی لێوە دەکرێ.

## دادگای حەمیدی نووری لە ستۆکهۆڵم (سوئێد)

ڕۆژی ٣١ی خەرمانانی ١٣٥٩ بوو بە سەرەتای شەڕێکی خوێناوی لەنێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران و عێراق. ئەو شەڕە، شەڕێکی خوێناوی بوو کە ماوەی ٨ ساڵی خایاند و




لەو ماوەیەدا دەستەیەکی زۆر لە هەردووک لا کوژران، بریندار بوون یان لە لایەنی بەرانبەرەوە بەدیل گیران. لە ماوەی ئەو ٨ ساڵەدا نەتەوە یەکگرتووەکان و چەند وڵاتی بێلایەن هەوڵێکی زۆریان دا تا کۆتایی بەو شەڕە بێنن تا لە ئاکامدا لە ڕۆژی ٢٩ی پووشپەڕی ١٣٦٧ خومەینی ئاگربەستی بەپێی بڕیارنامەی ژمارە ٥٩٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتۆکانی ڕاگەیاند. نووسینی ئەو بڕیارنامەیە لە ساڵی ١٣٦٦ دەستی پێکردبوو و لە ڕۆژی ٢٩ی گەلاوێژی ١٣٦٧دا، واتە مانگێک دوای ڕاگەیاندنەکەی خومەینی، لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێران و عێراقەوە واژۆ کرا.

یەکێک لەو ڕێکخراوانەی ئێرانی کە بە دژی کۆماری ئیسلامی هەوڵ و تێکۆشانێکی بەردەوامی هەبووە و هەیە، ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێرانە. ئەو ڕێکخراوەیە لە ١٣٤٤/١٣٤٥ کە بەردی بناغەکەی دانراوە و چ ئەوکات کە دژی ڕێژیمی پەهلەوی خەباتی دەکرد و چ لە دەورانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا و ئێستاشی لەگەڵ بێ، ڕابردوویەکی خوێناوی هەبووە. ئەو ڕێکخراوەیە بەشدارییەکی بەرچاوی لە ڕووخاندنی ڕێژیمی پەهلەویدا هەبوو. ماوەیەک دوای دامەزرانی کۆماری ئیسلامی ناکۆکی کەوتە نێوان خومەینی و لایەنگرانی لەلایەک و، ڕێکخراوی موجاهیدین لەلایەکی ترەوە. ئەو ناکۆکییە هەر دەهات و قووڵتر دەبووەوە تا ڕێبەریی ئەو ڕێکخراوەیە و بەنی سەدری سەرۆک‌کۆمار ئێرانیان بەجێ هێشت و بەرەو فەرانسە هەڵاتن. کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش دەستی دایە سەرکوت و قەڵاچۆیەکی بێوێنەی ئەو سازمانە و، ئەندام و لایەنگرانی.

لە کاتی شەڕی ئێران و عێراقدا سازمانی موجاهیدین چەند پێگەیەکی نیزامیی لەنێو خاکی عێراقدا، بە ئیزنی دەوڵەتی عێراق، دامەزراند و ڕێبەرایەتیی ئەو ڕێکخراوەیە لەو پایگایانەوە هەوڵ و چالاکییەکانیان دژی کۆماری ئیسلامی ڕێبەرایەتی دەکرد. تا ئەوکاتەی بەڵێننامەی ئاگربەستی ٥٩٨ی ئەنجومەنی ئاسایش واژۆ کرا، ڕێکخراوی موجاهیدین چەندجار دژی کۆماری ئیسلامی هێزی جووڵاند و لەنێو خاکی عێراقەوە هێرشی نیزامی ئەنجام دا. دوایین ئۆپەراسیۆن بەناوی "فروغ جاویدان" لە ڕۆژی ٣ی گەلاوێژی ١٩٦٧ دەستی پێکرد،

واتـە شـەش ڕۆژ دوای ئـەوەی کـە خومەینی ئاگربەسـتی شـەڕی ڕاگەیانـد. هێرشـی موجاهیدیـن چەند ڕۆژی خایانـد و لە ئاکامدا کۆمـاری ئیسـلامی هێزەکانـی موجاهیدینـی قەڵاچـۆ کـرد و بەشـێکی زۆر لـەو هێزانـە یـان بەدەسـتی هێزەکانی کۆماری ئیسـلامی کـوژران یـان بەدیـل گیـران. دەسـتەیەکی کـەم لـەو هێزانـەی لـەو شـەڕە خوێناوییـەدا برینـدار بـوون یـان سـاخ مانـەوە، بـۆ پێگەی نیزامیـی موجاهیدیـن لەنێـو خاکـی عێـراق پاشەکشـەیان کـرد.

ئەو شـەڕە بـووە هۆی ئـەوەی کـە خومەینی، فتوایەکـی زۆر دڕندانـە و دژی تـەواوی یاسـاکانی بەشـەری دژی ئەندامـان و لایەنگرانـی موجاهیدیـن کـە لـە زیندانەکانی ئێرانـدا گیرابـوون، دەر بـکات. بەپێـی ئـەو فتوایـە، ئـەو زیندانییانـەی کـە لەسـەر بیـر و بـاوەڕی خۆیـان پێداگـر بـوون، بـە دژبـەری ئیسـلام هەژمـار دەکرێـن و دەبـێ لەسـێدارە بدرێـن. ئـەو فتوایە تـەواوی ئێرانـی گرتەوە و لایەنگـران و ئەندامانـی سـازمانی موجاهیدین زۆر دڕندانـە و بـە بەربـڵاوی کۆمەڵکـوژ کران. ئـەو کۆمەڵکوژییـە، بـە شـەپۆلی هـەوەڵ بـۆ لەنێوبردنـی زیندانییـە سیاسـییەکان نـاوزەد کـراوە. دەنگـۆی ئـەوە هەیـە کـە خومەینـی، چەنـد ڕۆژ پـاش ئـەو فتوایـە، فتوایەکـی تری بـۆ لەنێوبردنی ئەندامان و لایەنگرانی سـازمان و حیزبەکانـی تـری ئێـران دەرکـردووە کـە شـەپۆلێکی تری ئێعـدام و سـێدارەی بەدواوە بـوو و بـە شـەپۆلی دووهـەم ناسـراوە.

لـە قۆناغـی سـێی ئـەو کارەسـاتەدا، ئەوانـەی ڕزگاریـان بـوو و وەبـەر ئـەو دوو شـەپۆلە نەکەوتـن، لـە دەرەوەی ئێـران دەسـتیان کرد بـە هـەوڵ و تێکۆشـان، بـۆ وێنـە نووسـینی کتێـب و وتـار، سـازکردنی سـمینار و ... بـۆ لەقاودانـی ئـەو کارەسـاتە. لـە بەشـێکی ئـەو کتێـب، وتـار و وتووێژانـەدا چەندجـار زیندانییانـی ڕزگاربـوو ناوی کەسـێکیان وەک دادیـاری زیندانـی گەوهەردەشـت، بـە نـاوی نهێنیـی "حەمیـدی عەبباسـی" کـە نـاوی ڕاسـتەقینەی "حەمیـد نووری" بـووە، هێناوە.

لـە سـاڵی ٢٠١٩دا، کوڕێکـی کـورد کـە زڕ-زاوای "حەمیـد نـووری" بـووە (وێدەچـێ حەمیـد نـووری دوو ژنـی هەبووبـێ کـە ژنـی دووهەمی سـیغە بـووە و ئەو ژنـەش، کچێکی هەبـووە کـە مێـردی بـە ئـەو کـوڕە کـوردە کـردووە.) بە هـۆی دووبەرەکیـی بنەماڵەکەی، هاوکاریـی ڕزگاربوویەکـی زیندانـی دەکات بۆ دەداوخسـتنی حەمیـد نـووری لە سـتۆکهۆڵم. دادسـتێنی سـوئێد بـۆ کارەسـاتی مرۆیـی بڕیـاری گرتنـی حەمیـد نـووری دەدات و کاتێـک حەمیـد نـووری لـە فڕۆکەخانـەی ئارلانـدای سـتۆکهۆڵم دادەبـەزێ، بـە تۆمەتی بەشـداری لـە کارەسـاتی ئێعدام و سـێدارەی زیندانییـە سیاسـییەکان لە سـاڵی ١٣٦٧دا لە زیندانی گەوهەردەشـتی کەرەج دەستبەسـەر دەکـرێ. دیـارە بـە دوو هـۆکار ئـەو دادگایـە سەرنجڕاکێشـە:

ڕووداوی کارەسـاتی ئێعدامەکانی سـاڵی ١٣٦٧ لـە وڵاتـی ئێـران ڕووی داوە و بەدەسـتی پیاوکوژانـی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران، واتـە کەسـانی ئێرانی ئەو کارەساتەیان خوڵقاندووە. هەروەهـا تا ئێسـتا باسـی ئێعدامی کەسـێکی بـە ڕەگـەز یـان ڕەچەڵـەک سـوئێدی کـە وەبـەر ئـەو شـەپۆلە کەوتبـێ، نەکـراوە. لـەو کارەسـاتەدا لـەوەش زیاتـر، حەمیـد نـووری بـۆ سـوئێد لـە بـاری یاساییەوە، پیاوێکـی بیانییـە. جـا بـە لەبەرچاوگرتنـی ئەوانـە، پرسـیار ئەوەیـە کـە ئاخـۆ چ یاساوڕێسـایەک ڕێـگا بە سیسـتەمی دادوەریی سـوئێد دەدات کـە کەسـێکی بیانـی بـۆ کارەسـاتێکی ئەوتـۆ کـە لـەودا سـوئێدییەک زەرەرمەنـد نەبـووە، دەستبەسـەر بکات، بیگـرێ و دادگایی بکات؟ حەمیـد نـووری لـە ٩ی نوامبـری ٢٠١٩ (کە دەکاتـە ١٨ی خەزەڵـوەری ١٣٩٨ی هەتاوی) لـە فڕۆکەخانەی ئارلاندای سـتۆکهۆڵم کاتێک پـێ دەنێتە نێو خاکی سـوئێدەوە، دەستبەسـەر کـرا، واتـە ئەوکاتـەی حەمیـد نـووری دەستبەسـەر کرا، ٣١ سـاڵ بەسـەر کارەساتی ئێعدامـی زیندانییەکانـدا تێپـەڕ ببـوو. ئاخـۆ ئـەو کارەسـاتە لـە ڕووی یاساییەوە کات بەسـەرچوو هەژمـار ناکـرێ؟

پێش ئەوەی بچینە لێکدانەوەی ئەو دوو پرسیارە با ئاماژە بە ئەوە بکەین کە گرتنی حەمید نووری لەسەر شکایەتی چەند زیندانیی پێشوو بوو کە لە کاتی ئەو کارەساتەدا لە زیندانی گەوهەردەشت بوون. ئەو شکایەتە، لەلایەن دەفتەرێکی وەکالەتی بە ناوی (McCue & Partners LLP)ەوە کە لە لەندەنە، پێشکەش بە بەشی دادستێنی گشتیی سوئێد بۆ تاوانی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کرا. لەسەر ئەو شکایەتە، دادستێنی سوئێد، لە ڕۆژی ٨ی نوامبر، واتە بڕیاری دادستێنی بۆ گرتنی حەمید نووری پێش گەیشتنی حەمید نووری بۆ سوئێد درا بە پولیسی سوئێد لە فڕۆکەخانەی ئارلاندا.

بەپێی یاسای سوئێد دەستبەسەرکردنی کەسێک بەبێ پاساو ڕێگەپێنەدراوە. لەو یاسایەدا بە یەکێک لەو ۴ ئەگەرەی خوارەوەدا دادستێن بۆی هەیە کە داوای گیرانی کەسێک بکات. پاش گرتنی کەسەکە، لە ماوەی چەند ڕۆژاندا دادستێن دەبێ کەیسەکە پێشکەشی دادگا بکات تا دادگار بڕیاری دەستبەسەرکردنی کەسێک بدات. واتە ئەو دادگایە بڕیار دەدات کە ئایا کەسەکە دەبێ دەستبەسەر بکرێ و تا تەواوبوونی لێکۆڵینەوە لە زیندان بمێنێتەوە یان ئازاد بکرێ. کاتێک دادستێن کەیسی خۆی پێشکەشی دادگا دەکات، دەبێ یەکێک لەو پاساوانە بێنێتەوە:

- دەتوانرێت گومانی لێ بکرێت
- بەڵگە هەیە کە گومانی لێ بکرێت
- ئەگەری گومانلێکراوی هەیە
- بواری تەواو بۆ لێپێچینەوە و دادگایی هەیە

حەمید نووری لە ڕۆژی ١٣ی نوامبری ٢٠١٩ واتە ۴ ڕۆژ پاش گیرانی لە فڕۆکەخانەی ئارلاندا بە پاساوی "بەڵگە هەیە لە گومانلێکراوی و پێشێلکردنی یاسای نێودەولەتی لە ساڵی ١٣٦٧ لە" دادگا بڕیاری دەستبەسەرکردنی دا. ئەو بڕیارە چەند جاران تا تەواوبوونی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن نوێ کراوە و لە نوێکردنەوەکاندا ئاماژە بە زیادبوونی بەڵگە و شاهید و شاکی دەکرا.

دادستێنی کەیسی حەمید نووری، کریستینا لیندهۆف کارلسێن، لە بەشی دادستێنی تاوانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیدا ئەزموونی لە کەیسی تاوانی دژەمرۆیی ڕواندا و سوریا کە لە سوئێد بەڕێوە چوون، هەیە و زۆر بەوشیاری و سیستماتیک لێکۆڵینەوەکانی خۆی درێژە پێدا تا تەواوبوونی لێکۆڵینەوە و ڕۆژی دادگایی.


بەپێی یاسای سوئێد، دەستبەسەرکراو دەبێ پارێزەری هەبێ. دەستبەسەرکراو دەتوانێ بەبێ پارێزەر خۆی لە جوابی پرسیارەکانی لێکۆڵینەوە بپارێزێ. هەربۆیەشە، کاتێک حەمید نووری لە فڕۆکەخانەی ئارلاندا گیرا، دادستێن، دەستبەجێ نووسراوەیەک بۆ باڵوێزخانەی ئێران دەنێرێت کەوا کەسێکی ئێرانیمان لە فڕۆکەخانەی ئارلاندا گرتووە و ئەگەر کۆماری ئیسلامیی ئێران دەخوازێت خزمەتی کونسولی بدات بەو کەسە، فەرموون پارێزەرێک دیاری بکەن. باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامی جوابی ئەو نامەیە ناداتەوە و لە ئاکامدا سوئێد بە خەرجی خۆی پارێزەر بۆ نووری دیاری دەکات. دیارە نووری پاشان بەو پارێزەرە ڕازی نەبوو و لە ئاکامدا پارێزەرەکە گۆڕدرا و دوو پارێزەر لە دەفتەرێکی پارێزەریی سوئێد بە ناوەکانی، توماس سۆدێرکویست و دانیێل مارکوس پارێزەریی نوورییان وەئەستۆ گرت.

پاش تەواوبوونی لێکۆڵینەوەی دادستێن و پۆلیس لە ڕۆژی ٣١ی ژانویەی ساڵی ٢٠٢١ دادستێن تۆمەتباریەتیی خۆی و داخوازی بۆ دادگاییکردنی نووری پێشکەش کرد. پارێزەرەکانی نووری داوای کاتی زۆرتریان کرد و لە ئاکامدا لە ڕۆژی ٢٧ی ژوئەنی ٢٠٢١ کە دەکاتە ٥ی گەلاوێژی ساڵی ١۴٠٠ی هەتاوی، ئەو تۆمەتبارە درا بە دادگا و دادگاش بڕیاری دا تا لە ڕۆژی ١٠ی ئاگۆستی ٢٠٢١ واتە لە ١٩ی گەلاوێژی ساڵی ١۴٠٠ی هەتاوییەوە دادگایی دەست پێ بکات. ئەو دادگایە لە ڕۆژی ۴ی مانگی

مـەی ٢٠٢٢ واتـە ١٤ی گوڵانـی ١٤٠١ پـاش زیاتـر لـە ٩٠ دانیشـتن و ٩ مانگ تـەواو بوو و، دادگا بڕیـاری خـۆی لـە ڕۆژی ١٤ی ژوئەنی ٢٠٢٢ واتە ٢٣ی پووشـپەڕی ١٤٠١ بڵاو کردەوە. دادوەری سـەرەکیی کەیسـەکە تومـاس زاندێر، ئەویـش پێش ئـەو دادگایە دوو کەیسـی ڕواندا و سـوریای بەڕێـوە بردبـوو و لەو بوارەدا شـارەزاییەکی تەواوی هەبـوو. دادوەری یارمەتیدەرش ئاننـا لیلیەنبـەری ئەویـش لـەو بوارانەدا ئەزموونی دادوەری ڕاسـپێردراوی لە بۆسـنیادا هەبوو.
ئـەو دادگایـە ٣٤ شـاکی و ٤٠ شـاهیدی لەخـۆ گـرت، بـەم شـێوەیەی لـە خـوارەوە ئامـاژەی پێکراوە:

| لیزان | گشتی | چەپ | | موجاهید | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| - | - | کەسوکار | زیندانیی پێشوو | کەسوکار | زیندانیی پێشوو | |
| - | - | ٦ | - | ٦ | ٢٢ | شاکی |
| ٩ | ٥ | - | ١٨ | - | ٨ | شاهید |

شـاکییەکان، لـە وڵاتانـی جۆراوجـۆری جیهانەوە بوون. ئەوە خۆی نیشـان دەدات کە دادسـتێن چەنـدە بەوردی و شـێنەیی کارەکانی لێکۆڵینـەوەی بەڕێوە بردبوو:




- حەمیـد نـووری بەهۆی بەشـداری لە کارەسـاتی ئێعدامی زیندانییەکانی سـەر بـە موجاهیدین لە گەوهەردەشـت، یاسـای نێودەوڵەتیی پێشـێل و تاوانی گەورەی کردووە.
- حەمیـد نـووری بەهۆی بەشـداری لە کارەسـاتی ئێعدامی زیندانییەکانی چەپ لە گەوهەردەشـت، تووشـی تاوانی پیاوکـوژی و قەتڵ بووە.
بۆیەشـە دادسـتێن داوای وڵامدانـەوەی ئـەو پرسـیارە سـەرەکییەی لـە دادگا کـرد کە ئەو پرسـیارە سـەرەکییە لـە بڕیـاری دادگادا زۆر بەڕوونـی جواب دراوەتەوە. ئەو پرسـیارە سـەرەکییە ئـەوە بوو کە ئایـا بناغـەی یاسـاییی ئەو داگایە چییـە، ئایا دادگای سـوئێد دەتوانێ ئەو کەیسـە بجووڵێنێ؟ دادگا لـە جوابـدا زۆر بەڕوونی دەڵێت:

- بەپێـــی ڕێککەوتننامـــەی ژمـــارە چـــواری کونوانسـیۆنی ژێنێـڤ، پرۆتۆکۆلـی تەکمیلـی ١، خاڵـی ٨٩ کـە لـە یاسـای سـوئێددا ڕەنگـی داوەتـەوە، دادگای سـوئێد بـۆی هەیـە ئـەو کەیسـە بجووڵێنـێ.
بەپێـی یاسـای سـوئێد، فەسـڵی ٢، پاراگرافـی ٣، خاڵـی ۶، دادگایەکـی سـوئێد بـۆی هەیـە ئـەو کەیسـە کـە لـە سـوئێد ڕووی نـەداوە و تاوانبارەکانـی سـوئێدی نیـن، بجووڵێنـێ.
- بەپێـی یاسـای سـوئێد، فەسـڵی ٢، پاراگرافـی ۵ دادگایەکـی سـوئێدی کـە بـە تەمـای جووڵاندنـی کەیسـێکی ئەوتۆیـە دەبـێ داوای تاقیکردنـەوە لـە دەوڵـەت بـکات کـە ئایـا دادگا بـۆی هەیـە کەیسـەکە بجووڵێنێـت یـان نـا. دەوڵـەت پـاش تاقیکردنـەوە، بڕیـاری داوە کـە دادگا ئـەو ئیزنـەی هەیـە.
واتە، کۆنوانسـیۆنی ژێنێڤ کە لە سـاڵی ١٩۶۴دا و لـە یاسـای تاوانـی سـوئێد کە بـە ١٩۶۴:١۶٩ ناسـراوە، وەک بناغـەی یاسـاییی ئـەو دادگایـە ئامـاژەی پێکـراوە. واتـە ئەوکاتـەی کارەسـاتەکە خوڵقاوە، ئەو کردەوەیە لە یاسـای تاوانی سـوئێد وەک تـاوان ناسـاندراوە. هـەر ئـەو یاسـایە مافی ئـەوە دەدات بـە سیسـتەمی دادی سـوئێد کـە تاوانبارێکـی بیانـی بگـرێ و سـزای بـدات. واتە بەپێـی ئـەو خاڵانـەی سـەرەوە، دادگای سـوئێد بـۆی هەیە کەیسـەکە بجووڵێنێ و "دەسـەڵاتی دادوەریی گشـتگیر" داسـەپێنێ.
دەوڵەتـی سـوئێد تـا ئێسـتا بـۆ بەرژەوەندیـی جیاجیـای نەتەوەیی، لە دادگاکانی لەو شـێوەیە ڕێگـر نەبووە کە لەودا کەسـێکی بیانی بە تاوانی پێشـێلکردنی یاسـاکانی نێودەوڵەتـی لە سـوئێد دەستبەسـەر کـراوە. لەسـەر کەیسـی حەمیـد نـووری دەوڵەتـی سـوئێد لـە ٢٢ی دسـامبری ٢٠٢٠ واتـە ٢ی بەفرانبـاری ١٣٩٩ی هەتاویـدا لەوبارەوە جوابی دادگای داوەتەوە و، پێی لەسـەر مافی سیسـتەمی داد بۆ جووڵاندنی ئەو کەیسـە داناوە.
دیـارە باسـەکانی نێـو دادگا، پرسـیارەکانی یاسـایی دادسـتێن و جوابـی دادگا لێـرەدا کۆتایـی نایـەت. لـە ئاکامـدا، دادگای سـتۆکهۆڵم، بـە پشتبەسـتن بـە بەڵگـەی حاشـاهەڵنەگر، بڕیـاری زیندانیـی هەتاهەتایـی بەسـەر گومانلێکـراودا سـەپاند. بـەڵام ئـەوەی بـۆ ئـەم نووسـراوەیە گرینگـە ئەوەیـە کـە دنیـای پێشـکەوتوو مێکانیزمـی یاسـایی بـۆ جووڵاندنـی کەیسـی دژەمرۆیـی هەیـە و ئـەوە ئەرکـی بنەماڵـە، ڕێکخـراوە مەدەنییەکانـی دادخـوازی و دیاسـپۆرای کـوردە کـە کەسـانی تاوانبـار بـە بەڵگـە و دۆکیۆمێنـت پەلکێشـی دادگا بـکات. لێـرەدا دەبـێ ئامـاژە بـەوە بکـرێ، کـە ئـەو دادگایـە زۆر بەباشـی و ڕوونـی دەریخسـت کـە بایەخـدان بـە قۆناغـی سـێی کارەسـات، واتـە قۆناغـی لێکۆڵینـەوە و لێکدانـەوە و بەدۆکیۆمێنتکردنـی ئـەو کارەسـاتانەی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران لـە ڕۆژهەڵاتـدا خوڵقاندوونـی، بـۆ پەلکێشکردنـی تاوانبـاران بـۆ دادگایەکـی دادپەروەرانـە چەنـدە گرینگـە.

## کۆتایی

شـک و گومان لـەوەدا نییە کە ئـەوەی کۆماری ئیسـلامیی ئێـران بەرانبـەر بـە دانیشـتووانی کـوردی کـردووە، ئـەو خاڵانـە لەخـۆ دەگـرێ:
بە پشتبەسـتن بـەو ئامارانەی لەم نووسـراوەیەدا هاتـوون، کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران لـە دەرەوەی چوارچێـوەی یاسـادا لەنێـوان سـاڵانی ١٣۵٧ تـا ١٣٧٠ی هەتـاوی بـە شـێوەیەکی سیسـتماتیک، توندوتیژانە و درندانە هاوڵاتییانی مەدەنیـی کوردسـتانی کـردە ئامانج. ئـەو ئامارە مێژووییانەی لە سـەرەوە باسمان کرد، هۆکارن بـۆ ئـەوەی باوەڕی ئـەوە بکەین کـە ڕێکارەکانی دەرەوەی یاسـا و دادوەری، بێسەروشوێن کردنی زۆرەملـێ، دەستبەسـەرکردنی ئارەزوومەندانـە، ئەشـکەنجەدان، دەسـتدرێژیی سێکسـی بـۆ سـەر گیـراوان، سـزادانی گرووپـی، ئاوارەبـوون و چەندیـن ڕێوشـوێنی نامرۆڤانەی دیکـە بەرانبەر بـە کـورد بەئامانجی ڕێگریکردن لـە نارەزایەتیی ئاشـتیخوازانە، ئاوات و داوای ئازادی و یەکسانیی کۆمەڵایەتـی بـووە. واتە کـردەوەی دژەمرۆڤانەی کۆماری ئیسـلامیی ئێران ئاکامی داوای کورد بۆ مافـە بنەڕەتییەکانـی مـرۆڤ بووە.
کـردەوەی دژەمرۆڤانـەی کۆمـاری ئیسـلامیی

ئێران، لە ئاکامی فەرمانی جیهادی خومەینییەوە بوو. جیهاد فەرمانێکی ئایینییە و بنەمای یاسایی نییە. ئەو فەرمانە بووە هۆی کاولکاری، وێرانکاری، سووتاندنی گوندەکان و، هەروەک لە سەرەوە و لە ئامارەکاندا ئاماژەیان پێکرا، بووە هۆی کۆمەڵکوژیی خەڵکی مەدەنی و پێشێلکاریی زەقی یاساورێساکانی نێونەتەوەیی و لەنێو ئەواندا کونوانسیۆنی ژێنێڤ و پرۆتۆکۆلەکانی.

دادگای شۆڕش" کە سزای تیرەباران یان لەسێدارەدانی بەسەر زیندانییەکاندا سەپاندووە، بەپێی یاسای بنەڕەتیی (دەستوور) ئێران لەو کاتدا خۆی فەرمانێکی نایاسایی بووە. واتە بڕیارەکانی ئەو دادگایە نایاسایی بوونە.

میساقی ڕۆم و دادگای تاوانی نێودەوڵەتی (ئای سی سی) پێشکەوتنە بۆ دادپەروەری لە جیهاندا و لەوانەیە پێش بە کردەوەی دژەمرۆڤانە بگرێ، یاسای ئەو دادگایە لە ساڵی ٢٠٢٢ی زایینییەوە کەوتووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، واتە تاوتوێی کەیسی تاوانبار یان تاوانبارانی ئێعدام و لەنێوبردنی سیستماتیکی خەڵکی مەدەنیی کورد لە ١٣٥٧ تا ١٣٧٠ دەکەوێتە دەرەوەی بازنەی زەمانی ئەو یاسایەی دادگاکەی لەسەر دامەزراوە.

یاسای وڵاتانی دێمۆکرات و پێشکەوتوو، تارادەیەک دەتوانێ پشتیوانیی دادخوازی بنەماڵەی ئەو کەسانە بێت کە لە ماوەی ١٣٥٧ تا ١٣٧٠دا ئێعدام کراون. بەڵام ئەوە پێویستی بەوەیە کە تاوانبارێک کە دەستی لەو کۆمەڵکوژییانەدا هەبووە، پەلکێشی دادگا بکرێ. ئەوە خۆی پێویستی بەوەیە کە تاوانبار لەو وڵاتە بێت، شکایەتی لێ بکرێ و، بەڵگەی حاشاهەڵنەگر و دادگاپەسەندی لەسەر بێت.

لە شوێنەکانی دیکەی جیهان وەک ئەفریقای باشوور، کومیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە جینایەتەکانی ڕێژیمی ئاپارتاید دامەزرا. ئەو کومیتەیە ئەزموونێکە و دەکرێ پاش ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران سوودی لێ وەربگیرێ و پەردەی ڕەشی سەر ئەو جینایەتانە هەڵبدرێتەوە کە لە کوردستان کراون. دیارە ئەوە پێویستی بە گوتاری هاوبەشی کۆمەڵگای مەدەنیی کورد، دادخوازان، بنەماڵەی ئێعدامکراوان و هێز و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە. ئاخۆ گوتارێکی هاوبەش لەو بابەتەدا لەنێو ئەو کۆمەڵگایانەدا هەیە؟

## سەرچاوەکان:


1. The Secretariat of the Human Rights Council, United Nations:
https://www.ohchr.org/en/instruments-mechanisms/instruments/geneva-convention-relative-treatment-prisoners-war
2. The International Criminal Court's Online Library
3. Assembly of States Parties to the Rome Statute online website and documentation
4. Rome Statute of the International Criminal Court, 17 July 1998
5. Stockholms TR B 15255-19 Dom 2022-07-14 (Court verdict on Hamid Noury's trial)
6. All the raw data for statistic on victims of the Islamic Republic of Iran are are courtesy of Nemiran.com, a Norwegian based human rights group working on documenting atrocities of the Islamic Republic of Iran